ڕێکخراوی جیهانی
دەرچووانی ئەزهەر

یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان

# چەمکی جاهلیەت


نوسینی:
پ. د. عەبدولفەتاح ئەلعەواری
ڕاگری کۆلێژی بنەماکانی ئاین، زانکۆی ئەزهەر

پێداچوونەوەی:
پ. د.موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوصی
جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێڕانی:
مەلا عەبدوللا شێرکاوەیی
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی:
د. عەبدوللا مەلا سەعید وەیسی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

ڕێکخراوی جیهانی
دەرچوانی ئەزهەر

یەکێتی زانایانی
ئاینی ئیسلامی کوردستان

# چەمکی جاهلیەت

نوسینی:
پ. د.عەبدولفەتاح ئەلعەواری
ڕاگری کۆلیژی بنەماکانی ئاین زانکۆی ئەزهەر

پێداچوونەوەی:
پ.د.محمد عەبدولفەزیل ئەلقوصی
جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی:
مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی:
د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید وەیسی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

**أربیل _ کوردستان**

**٢٠١٩م** **١٤٤١هـ** **٢٧١٩ك**

* نـــــــــاوی کـتێب: چەمـــــــکی جـــــاهیلیەت

* نووسینــــــی بـــە عەرەبی: پ. د.عەبدولفـەتاح ئەلعەواری

* پێداچوونەوەی بە عەرەبی: پ. د.عەبـدولفەزیل ئەلـقوصی

* وەرگـــــــێرانـــــــــــــی: مـــەلا عـــەبدوڵڵا شێرکـاوەیی

* پێـــــــــــــداچوونەوەی: د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی

* چاپخانە : ڕۆژهەڵات _ هەولێر

* چاپ: یەکەم/ ٢٠١٩م

* تـــیـــراژ : ١٠٠٠ دانە

* دیزاین و بەرگ: مەلا عبدالله شێرکاوەیی

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەكی وەرگێر

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**یەكێ لە گرفتە سەرەكیەكانی نێو گروپە توندئاژۆكان، پرسی تێگەیشتنی دەقەكانە بەپێی لێكدانەوەی زانستیو شرۆڤەی بابەتی، چونكە تێكهەڵكێشكردنی تەفسیری هەڵەو میزاجیو تایبەتیو ئایدیایی، هەمیشە زیان بە شێوە گشتیو تێگەشتنە دروستەكەی دەقەكان دەگەیەنێتو دەرەنجامی باش ناكەوێتەوە.**

**فاكتەری بەردەم هەڕەشەو هێرشەكانی ئەو جۆرە ئایدیایە بەتایبەت لەسەردەمی ئێستا، بۆ راگرتنو راكێشانی هەوادارانی بریتیە لە پێناسی چەمكەكان لە چوارچێوەی سۆزو جولاندنی هەستی خەڵكی سادەو گەنجی هەرزەكارو بەلارێ بردنیان بۆ ناو**

**جیهانی توندڕەوی‌و گۆشەگیری‌و کورتبینی‌و گیرۆدەبوون بە هزری تەکفیری‌و دابەشکاری کۆمەڵگە بەسەر بەرەی ئیمان‌و کوفر.**

**چەمکی جاهیلیەت یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرجار لەلایەن هەندێ کەس‌و گروپەوە بەکار دەهێندرێت‌و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەبیانووی هەبوونی تاوان‌و سەرپێچی‌و هەڵەوە دەخەنە بازنەی جاهیلیەت‌و گومڕایی، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەر چوارچێوە زانستی‌و بابەتیەکانی هاتنی ئەم چەمکە لە دەقە پیرۆزەکانەوە.**

**وەرگێڕانی وەها نووسینێك بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی ئەم پرسەو شرۆڤەی ڕاستەقینەی دەقەکان، بایەخ‌و گرنگی خۆی هەیە، هەم لەم ڕووەوە کە نووسین‌و پێداچوونەوەکەی لەلایەن دوو گەورە**

**زانای دیاری زانكۆی ئەزهەرن، كە لە گەیاندنی بیری میانڕەوی‌و ڕوونكردنەوەی چەمكەكان بە تێگەیشتنی زانستیانە جێی متمانەی زانایانن، هەمیش بەرچاو ڕوونی موسڵمانان لە پرسگەلێكی لەم چەشنە دەبێتە هۆكاری هۆشیاری خودی‌و ناساندنی گروپە توندئاژۆكان‌و كەمكردنەوەی هزری تەكفیری لەناو كۆمەڵگەدا.**

**بە ئومێدی ئەوەی لەڕێی ئەو وەرگێڕانەوە بتوانین خزمەتێك بگەیەنین‌و ئەم ڕوونكردنەوەیە جێی خۆی بگرێت.**

**وەرگێڕ**

**٢٧ی٩ی٢٠١٩**

# پێشەکی نوسەر

لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی (فیس بوکو تویتر) کروپە توندرۆوەکان کۆمەڵگەی موسڵمان بە کۆمەڵگەی (جاهیلی) ناوزەند دەکەن، بە شێوەیەك کە موسڵمان گومانی لە سەر ئاینو رەوشتەکەشی پەیدا دەبێتو، بانگەشەی توندرۆوەکانیش بۆ ئەو ئامانجە دێت کە کار دەکەن بەمەبەستی: بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی تایبەت بە خۆیان،کە شەریعەتی خوا تێدا حاکم بێتو، ئاڵای ئیسلام شەکاوە بێت.

وە نازانین بە چ پاڵنەرێك ئەم توندرۆیانە ئەم بانگەشە دەکەنو کۆمەڵگەی ئیسلامی بە جاهیلی ناوەزەند دەکەن؟ بەڵگەکانیان چین؟ بۆ وا دەکەن ؟ ئەم لێکدانەوە هەڵانە چین کە بۆ هەندێ لە دەقەکان دەیکەن؟ بەو هیواییەن لەم چەند لاپەرەیەدا ئەم بابەتە گەنگەشە بکەین.. خوای گەورە پشتو پەناو یارمەتیدەری هەموو لایەك بێت ...

## خاڵی یەکەم:

**ئایا دروسته بەرەهایی کۆمەڵگەی موسڵمان بە کۆمەڵگەیەکی جاهیلی ناوزەند بکرێت؟**

پێش ئەوەی وڵامی ئەم پرسیارە وەربگرین، پێویسته ئەوە بزانین کەوا وشەی (الجاهلیه) لە چوار شوێن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموویت: (**يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ**) [1].

دووەم: خوای گەورە دەفەرموویت: (**أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ**) [2].

سێیەم: خوای گەورە دەفەرموویت: (**وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى**)[3].

---

١- ئایەتی ١٥٤ سورەتی ئال عمران .

٢- ئایەتی ٥٠ سورەتی ئەلمائیدە.

٣- ئایەتی ٣٣ سورەتی ئەلئەحزاب.

چوارەم: خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿**إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ**﴾[٤].

ئەگەر بەوردی لەسەر ئەم چوار ئایەتە هەڵوەستە بکەین، بۆمان دەردەکەویت کەوا وشەی (الجاهلية) بە رەهایی نەهاتووە، بەڵکو لە ئایەتی یەکەم وشەی(ظن) بەواتای گومان کەوتووتە پێشی و، لە ئایەتی دووەمیش وشەی (الحكم) بە واتای دەسەڵات کەوتووتە پێشی و، لە ئایەتی سێیەمیش وشەی (التبرج) بەواتای خۆ دەرخستن کەوتووتە پێشی و، لە ئایەتی چوارەمیش وشەی (الحمية) بەواتای غیرەت کەوتووتە پێشی.

---

٤- ئایەتی ٢٦ سورەتی ئەلفەتح.

مەبەستی سەرەکی لەو ئاماژانە بریتیە لەوەی کە خوای گەورە دەیەوێت باس لەو رەفتارانە بکات کە کۆمەڵگای پێش ئیسلام پێیەوە ناسراو بوو، چونکە بە هەڵوەستە کردنمان لەسەر یەك بە یەکی ئایەتەکان ئەم راستیەمان باشتر بۆ بەدیار دەکەوێت:

* ئایەتی یەکەم کە خوای گەورە لە سورەتی ئالی عیمران دەفەرموێت: **(يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ)**[٥] کە خوای پەروەردگار باس لە بارودۆخی موسڵمان دەکات لەکاتی جەنگی ئوحود، کە موسڵمانان بوون بە دوو بەرە، بەرەی یەکەم بەرەی کۆچەرو یارمەتیدەران بوو، کە وێرای ئەوەی غەم و خەفەت کەوتە دڵیان و باوەڕیان بە خوای گەورە پتەو تر بوو، و بەرەی دووەمیش هەر خەمی خۆیان ئەخوارد و بیریان بەلای کەس نەبوو و ترس دڵە ڕاوەکێ کەوتبووە ناویان گومانی نا

٥- ئایەتی ١٥٤ سورەتی ئال عمران .

ڕاستو ناهەقیان ئەبرد بەخوا گومانی نەفامیەتی پێش ئیسلام و سەردەمی جاهیلی.

لە روونکردنەوەی ئەم بابەتە ئیمام فەخرەددینی رازی دەفەرموویێت: بزانە ئەوانەی لە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دابوون لە رۆژی ئوحود دوو جۆر بوون: جۆری یەکەم هیچ گومانو دڵە ڕاوەکێ لە دڵیان نەبوو لە سەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرو پیشت ئەستورو دڵنیابوون بوون بە سەرکەوتنیان، هەر بۆیەش هەستیان بە ئارامی دەکردو ئارامیەکەش بەم ڕاددەیە بوو کە پشتی لێ بکەنەوەو بۆ خۆیان بخەون..

وە جۆری دووەمیش بریتی بوون لە ژمارەیەك کەسی دوو ڕوو کە بیریان لە لای دەسکەوتەکانی جەنگ بوو هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەژداریان کرد بوو، و ترسو دڵە ڕاوەکیان لێ دروست ببوو، هەر بۆیەش خوای گەورە بەم شێوەیە باسی کردوون: (**يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ**

**الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ**)[٦] و دەیانگوت: ئەگەر موحەممەد لە سەر ڕاست با خەڵكمان لێ نەدەگوژراو زیانمان لێ نەئەكەوت[٧].

* ئایەتی دووەم كە خوای گەورە دەفەرمویێت: (**أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ**)[٨] لە میانەی باس كردنی كۆمەڵێك زانای جولەكە هاتووە، كە ویستیان پیلانێك بەرامبەر پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بكەن، هەر وەك لە سەرچاوەكاندا هاتووە، كە كەعبی كوری ئەسەدو عەبدوڵلای كوری صۆریاو شاشی كوڕی قەیس وتیان: با بچین بۆ لای موحەممەد بۆ ئەوەی لایدەین لە ئاینەكەی، بۆ ئەو مەبەستە دەچن بۆ لای پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)و دەڵێن: تۆ دەزانی ئێمە زانای جولەكەینو ئەگەر ئێمە شوێنت بكەوین هەموو جولەكە شوێنت ئەكەوێت، كێشە كەوتووتە نیوان ئێمەو شوێن كەوتوانمانو، بۆ

٦– ئایەتی ١٥٤ سورەتی ئال عمران .

٧– بروانە : مفاتح الغیب :٩ /٣٩.

٨– ئایەتی ٥٠ سورەتی ئەلمائیدە.

چارەسەری کێشەکە دێینە لات، بەڵام بڕیار بۆ ئێمە بدە بەسەر ئەوان ئەو کات بڕوات پێ دەکەین، پێغەمبەریش(د.خ) ئەمە قەبوول ناکات[٩]و خوای گەورە دەرحەق بەوان فەرمووی: (**أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ**)[١٠].

چونکە یاسای جوولەکەکان تەنها بەسەر خەڵکی بێ دەسەڵات و هەژار دەسەپێنرا، دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندەکانیان بەدەر بوون لە یاساو هیچ یاساو ڕێسایەك نەبوو بیانگرێتەوە[١١]، بۆیە ئەم ئایەتانە دابەزین کە خوای گەورە وەسفی حاڵی ئەوان روون دەکاتەوە کە ئەو یاساییەی ئەوان پیادەو پەیڕەوی دەکەن یاسای جاهیلیەت و نەفامییە.

---

٩- بۆ زانیاری زیاتر بروانە: أسباب النزول للواحدی لاپەرە ٢٠٠، والتفسير البسيط ٤١٥/٧، والتفسير الوسيط ٩٠١/٣، وتفسير الطبري ٢٧٣/٦، والدر المنثور ٥١٤/٢ .

١٠- ئایەتی ٥٠ سورەتی ئەلمائیدە.

١١- بروانە تفسير القرطبي ٦ /٢١٤.

* ئایەتی سورەتی ئەحزاب کە خوای گەورە دەفەرموێت: **(وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى)**[١٢] لە میانەی باس کردنی خێزانەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)و پەروەردەکردنیان بە ژمارەیەك رەوشتی باڵاو بەرز، چونکە خێزانەکانی پێغەمبەر وەکو ئافرەتانی تر نین بۆ ئەوەی لە دەستو دڵی خەڵکی نەخۆش پارێزراو بنو لە ماڵی خۆیاندا بە حەیاو حورمەتەوە دابنیشنو وەك ژنەکانی سەردەمی نەزانینو پێش هاتنی ئیسلام خۆیان دەرنەخەن[١٣]، بۆیە لەم ئایەتەدا کە باس لە (الجاهلية الأولى)دەکرێت مەبەستەکەی باس کردنی سەردەمی پێش ئیسلام بووە .

١٢– ئایەتی ٣٣ سورەتی ئەلئەحزاب.

١٣– تفسير القرطبـي ٦ /٢١٤.

* ئایەتی سورەتی ئەلفەتح کە خوای گەورە دەفەرموێت: (**فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ**)[١٤] لەچوارچێوەی باس کردنی رەوشتی قورەیشیەکاندا هات کە ئەوان خۆ بە زلزانیو کینەو بوغزی بەتینیان خستبووە دڵی خۆیانو رێگر بوون لەوە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) ساڵی ئەلحودەیبیە بچێتە ناو شاری مەککە، بۆیە خوای گەورە رەوشتە کۆنەکەی قوریشی بە بیر هێنانەوە بە (حمّية الجاهلية) ناساندنی[١٥].

لێرەدا دەتوانین بڵێین: **دروست نیە بەرەهایی کۆمەڵگەی موسڵمان بە کۆمەڵگەیەکی جاهیلی ناوزەند بکرێت لە بەر دوو هۆکار:**

---

١٤ – ئایەتی ٢٦ سورەتی ئەلفەتح.

١٥– بروانە : الجامع لأحكام القرآن ١٩/٣٣٤، والنكت والعيون ٥/٣٢٠، والوسيط للواحدي ٤/١٣٤، والبغوي ٤/٢٠٤.

## یەکەم:

ئەم وشەیە ئەگەر بەرەهایی بەکار هات ئەوا مانای کافر بوونو بێ باوەری دەگەیەنێت، واتە کۆمەڵگەیەکی نەفامی لە رووی باوەرو رەوشتو پەرستنو هەموو کارێکی تر، ناشتوانرێت کە نکۆڵی لەوە بکرێت کە کۆمەڵگا بێ باوەر بوو هیچ مانایەکی تر نابەخشێت جگە لە کافر بوونو، ئەمەش زۆر ترسناکە، چونکە ناکرێت مرۆڤ بە کافرو بێ باوەر ئەژمار بکرێت تەنها مەگەر شەریعەتی جاهیلی پێ باشترو پەسند تر بێت لە شەریعەتی خوا، بەڵام ئەگەر شەریعەتی خوای پێ باشتر بوو و لە بەر بارودۆخێکی دیاریکراو لەم شەریعەتە لایدا ناتوانرێت بە کافر ئەژمار بکرێت.

**دووەم:** مەبەستی قورئانی پیرۆز لە باس کردنی ( الجاهلية ) کاتێکی زەمەنی دیاریکراوە، کە پێش ئیسلام بووەو ناسراو بووە بە پت پەرستنو هاوبەش پەیدا کردن لە بۆ خواو، ئاین راستو درووستی تێدا نەبووەو، بە هاتنی ئیسلام ئەم زاراوەیە کۆتایی پێ هات، چونکە زەمەنەکەی تەواو بوو و بە بەڵگەی ئەوەی کە حوزەیفەی کوڕی یەمان پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) کردو و گوتی: ( إنا كنا في جاهلية وشرّ، فجأنا الله بهذا الخير، فهل بعد هذا الخير من شر؟، قال: نعم، قلت: وهل بعد ذلك الشرّ من خير؟ قال: نعم وفيه دَخَنٌ، قلت: وما دَخَنُهُ ؟ قال: قومٌ يهدون بغير هديي، تعرف منهم و تُنكرُ، قلت: فهل بعد ذلك الخير من شر؟ قال: نعم دُعاة إلى أبواب جهنم من أجابهم إليها قذفوه فيها، قلت: يارسول الله صِفهم لنا؟ قال: هم من جلدتنا ويتكلمون بألسنتنا، قلت: فما تأمرني إن أدركت ذلك؟ قال: تلزم جماعة المسلمين وإمامهم، قلت: فأن لم يكن جماعة و لا إمام ؟ قال: فإعتزل تلك الفرق

كلها، ولو أن تعض بأصل شجرة حتى يدركك الموت وأنت على ذلك)[١٦].

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم گفتوگۆیەی نێوان پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت)و حوزیفەی کوڕی یەمان بدەین زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت، کە حوزەیفە لە چ شوێنێك دەستەواژەی (جاهیلی) بەکار دەهێنیو لە چ شوێنێکیش خۆی لێ بەدوور دەگرێت، ئەوە ئەو ڕاستیەمان پێ دەڵێت کە دەستەواژەی (جاهیلی) تایبەتە بە سەردەمی پێش ئیسلامو بۆ دوایی ئیسلامەوە بەکار ناهێنرێت.

١٦- ئیمامی بوخاری و میسلم ریوایەتیان کردووە، صحيح البخاري / كتاب المناقب- باب علامات النبوة في الإسلام، ژمارەی فەرموودە ٣٦٠٦.
وصحيح مسلم/ باب وجوب ملازمة جماعة المسلمسن عند ظهور الفتن، ژمارەی فەرموودە ١٨٤٧.

## خاڵی دووەم:

## ئایا دروستە کۆمەڵگە بە جاهیلی ناوزەند بکرێت بە هۆی ئەنجامدانی گوناهو تاوان؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بە کافر زانینی هەر مرۆڤێك بە هۆی ئەنجامدانی گوناهو تاوان کارێکی خراپ‌و ترسناکە، چونکە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی وەك موسڵمان هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکرێت‌و دووچاری نارەحەتی ببێت، لەهەمان کات پەرتەوازەیی‌و دوو بەرەیی لەناو کۆمەڵگە دروست دەبێت‌و کۆمەڵگە دابەش دەبێت بە سەر دوو بەرە، بەرەی موسڵمان‌و بەرەی ناموسڵمان.

ناکرێت بە هۆی ئەنجامدانی گوناهی عەرەق خواردنەوە، یان کوشتن یان هەر گوناهێکی تر، مرۆڤ بە کافرو دەرچوو لە دین ناوزەند بکرێت، وە

ئەو دەقانەی کە گوناهبار بە کافر دەناسێنێت مەبەستی دەرچوون نیە لە دین، هەر بۆیە ئیمامی بوخاری لە صەحیحی خۆیدا بەشێکی نوسیوە بەناوی ( باب كُفران العشير دُون كُفرٍ).

وە ئیبنو حەجەر دەگێریتەوە لە قازی ئەبو بەکری کوڕی عەرەبی کە ئیمامی بوخاری مەبەستی لە دانانی ئەم ناونیشانە ئەوە بووە، چۆن بە خوداپەرستنەکان دەوترێت ئیمان بە هەمان شێوە بە گوناهەکانیش دەوترێت کوفر، وە کە باسی کوفر دەکرێت مەبەست دەرچوون نیە لە میللەتی ئیسلام[١٧].

هەروەها ئیمامی بوخاری بەشێکی تری نوسیوە بەناوی: بەشی گوناهەکانی پێش ئیسلام و سەردەمی جاهیلی کە بکەرانی بە کافر

١٧- بروانە : فتح الباري ١/ ٨٣.

ئەژمار ناکرێن، جگە لە هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا، چونکە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی : إنك امرؤٌ فيك جاهلية.

وە لەم بەشەدا فەرمایشتێك باس دەکات کە مەعرور دەڵێت: گەیشتمە ئەبو زەر لە شوێنێك کە ناسراو بووە بە (الربذة)و زۆر بێ تاقەتو غەمبار بوو، لە هۆکارەکەم پرسیو، ئەویش وتی: قسەی خراپم بە دایکی وت.

پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) بە منی ووت چون قسەی خراپت بە دایكی وتوە ئەی ئەبا زەر تۆ كەسێكی رەوشتی جاهیلیت تێدا ماوە [١٨].

وە ئیبن و حەجەر دەفەرمووێت: هەر گوناهێك ئەنجام دەدرێت لە واز هێنان لە واجبێكو ئەنجامدانی گوناهێك ئەوە رەوشتی جاهیلییەو گوناهەكانیش بە مەجاز پێیان دەوترێت كوفر بەمەبەستی كوفرو

١٨- تەواوی بە سەر هاتەكە ئەوەیە: ( عن المعرور، قال: لقيت أبا ذر بالربذة، وعلية حلة، وعلى غلامة حلة، فسألته عن ذلك، فقال:إني سابت رجلاً فعيّرته بأمة، فقال- صلى الله عليه وسلم-: تمت يا أبا ذر، أ عيّرته بأمه؟ إنك امرؤٌ فيك جاهلية، إخوانكم خولكم ، جعلهم الله تحت أيديكم،فمن كان له إخوة تحت يده فليطعمه مما يأكل، وليلبسه مما يلبس، ولا تكلفوهم ما يغلبهم، فإن كلّفتموهم فأعينوهم ). بۆ زیاتر بروانە: صحيح البخاري/ كتاب الإيمان، باب المعاصي من أمر الجاهلية، ولا يكفر صاحبها بإرتكابها إلا بالشرك، رقم ٣٠. و صحيح مسلم / كتاب الإيمان، باب إطعام المملوك مما يأكل وإلباسه مما يلبس ولا يمله ما يغلبه، رقم ١٦٦١.

ناشکوری کردنی نیعمەت کە ئاینی ئیسلامە، هەر بۆیە بە ئەنجامدانی گوناهەکان مرۆڤ لە میللەتی ئیسلام دەرناچێت(١٩).

بۆیە ئەبو زەڕی غەفاری لەگەڵ ئەوەی کەسێکی باوەڕپێکراو و موسڵمانێکی پاك بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا بە هەڵگری ڕەوشتی جاهیلی ناوزەندی دەکاتو بەم ناوزەندکردنەش لە بازنەی ئیمانی دەرناچێت .

هەروەها حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە گوناهێك دەکات بە گواستنەوەی زانیاری پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)و نهێنیەکانی سەبازی

---

١٩– بۆ زیاتر بروانە فتح الباری ١/٨٥ کە دەفەرمووێت: إنَّ کل معصیة تؤخذ من ترك واجبٍ أو فعل محرم فهي من أخلاق الجاهلية،و الشرك أكبر المعاصي ولهذا إستثناهن ومحصل الترجمة أنَّه لما قدَّم أنَّ المعاصي يطلق عليها الكفر مجازاً على إرادة كفر النعمة لا كفر الجحد أراد أن يُبين أنه كفر لا يخرج عن الملة خلافاً للخوارج الذين يكفرون بالذنوب.

لەشکری موسڵمانان پێش فەتحی مەککە بۆ قورەیشیەکان! قورئانی پیرۆز لە سەرەتای سورەتی الممتحنە بە ئیماندار دەیناسێنێت، کە دەفەرموێت: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَنْ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ**)[٢٠].

ئیمامی عەلی دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) منو زبیرو میقدادی بۆ شوێنێکی دیار ناردینو لە رێگادا گەیشتین بە ئافرەتێك پێمان وت: ئەو نوسراوەی لاتە دەربهێنە، ئافرەتەکە نکۆڵی کرد، بەڵام دواتر کە زۆر فشارمان خستە سەری ناچار بوو نوسراوەکە دەربهێنی، بۆیە بە پەلە نوسراوەکەمان دایە دەستی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت)، کە خوێندیەوە بۆمان دەرکەوت کە حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە نوسراوەکەی بۆ سەرانی قورەیش نوسیوەو هەموو نهێنیەکانی لەشکرەکەشی بۆ قورەیشیەکان

---

٢٠– ئایەتی ١ سورەتی الممتحنە.

ئاشكرا كردووه، بۆیه پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) داوای رونكردنەوەی لە حاتەب كرد، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من كە ئەم نوسراوەم نوسیوە مەبەستم هەڵگەرانەوە نەبووە لە ئیسلام بەڵكو مەبەستم ئەوە بووە، كە خوێنی خزمەكانی خۆم بپارێزم لەم شەڕەو نەبنە سووتەمەنی ئەم جەنگە قورسەیە، هەر لەو كاتیش ئیمامی عومەر داوا لە پێغەمبەر دەكات كە عاتەب بگوژێ بە هۆی ئەوەی نا پاكیو خیانەتی كردووه، بەڵام پێغەمبەری خوا رێگەی پێنادات[٢١]و لەم دۆخە تایبەتە خوای گەورە ئایەتی: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ**)[٢٢]. ناردە خوارەوەو حاتەب بە ئیماندار ناوزەد دەكات.

٢١- بۆ زانیاری زیاتر بروانە: صحيح مسلم/ كتاب الفضائل، باب من فضائل أهل بدر- رضي الله عنهم- وقصة حاطب بن أبى بلتعة- رضي الله عنه.

٢٢- ئایەتی ١ سورەتی الممتحنه.

دوایی ئەو هەموو دەقانە بۆمان هەیە بپرسین: چۆن ئەو توندرۆیانە پێیان وایە موسڵمان بە ئەنجامدانی گوناهێك بە كافرو بێ باوەڕ ئەژمار دەکرێت؟ چۆن پێیان وایە کە کۆمەڵگە بە بڵاوبونەوەی گوناهو تاوانەکان بە کۆمەڵگەیەکی نەفامو تاوانبار لـە قەلـەم دەدرێت!؟.

بێگومان ئەوانە زۆر بە هەڵە داچوون لـەم بۆچوونەیان کە بڕیار لـە سەر کۆمەڵگە دەدەن بە گومرابوونو بە جاهیلی ناوزەدی دەکەن، چۆن کۆمەڵگەیەك دەنگی بانگی نوێژەکانی لێ بگوترێو بەرز بێتەوەو، نوێژەکانی تێدا ئەنجام بدرێت بە (دار الكفر) دەیناسێنن، ئایا لـەو شوێنانەی ئەوان بە کۆمەڵگەی جاهیلی دەیناسێنن لـە هیچ شوێنێك ڕێگری لـە ئەنجامدانی نوێژو ڕۆژ دراوە؟ ئایا ڕێگری لـە ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی ئاینی کراوە؟

چۆن کۆمەڵگەیەك بە جاهیلیو گومرا دەناسێنن، کە ئاینی فەرمی دەوڵـەتەکەیان ئاینی ئیسلام بێت؟ چونکە کە بەفەرمی ئاینەکەیان ئیسلام بوو، واتا بە ئاشکرا متمانەیان بە (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله ) هەیە..

هیچ كۆمەڵگەیەك بەدەر نیە لە گوناەو تاوانو هەڵە، هەتا كۆمەڵگەی نموونەیی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) و هاوەڵانی هەڵەو گوناهی تاكەكانی تێدا هەبوو، جا ئایا كەسێكی عاقل بە هۆی هەڵەو گوناهی تاكەكان دەتوانێت بەم كۆمەڵگەیە بڵێت كۆمەڵگەیەكی جاهیلیو گۆمرایی بوو !!.

بۆیە لێرەدا بە ڕاشكاوانە رایدەگەینین: كە بوونی گوناهو تاوان لە هەر كۆمەڵگەیەك بەواتای كافرو گومرا بوو نایەتو ناشتوانرێت بگوترێ كە جاهیلیەت سەروەرە لەم جۆرە كۆمەڵگەیانە.

خوای گەورە یارەمەتیدەرو پشتو پەنای هەموو لایەكمان بێت.



چاپی یەکەم